عراقچی: رەنگە پێنجشەممە لەگەڵ ویتکۆف لە جنێڤ کۆببینەوە

عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران رایگەیاند، رەنگە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتو لەگەڵ ستیڤ ویتکۆف، نێردەی تایبەتی ئەمریکا لە جنێڤ کۆببنەوە. دەشێت، سەرقاڵی کارکردنین لەسەر ئامادەکردنی رەشنوشێك کە بەرژەوەندییەکانی هەردولا لەبەرچاوبگرێت و بگەینە ڕێککەوتنێکی خێرا.

عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، ئەمڕۆ یەکشەممە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی سی بی ئێس وتی، دیپلۆماسییەت تەنیا ڕێگەیەك کە دەتوانێت نیگەرانییەکانی ئەمریکا لەبارەی دۆسیەی ئەتۆمی ئێرانەوە بەوێنتەوە. ئەگەر ئەوان دەیانەوێت ڕێگە چارەیەك بۆ بەرنامەی ئەتۆمی ئاشتیانەی ئێران بدۆزنەوە، تەنیا ڕێگە دیپلۆماسییەتە.

جەختیشی کردەوە، هیچ پێویستییەکە بە هیچ جۆرە جێگیرکردن و نمایشێکی سەربازی نییە. ئەم هەنگاوە ئێمە ناترسێنێت.

وتیشی، خەریکی کارکردنین لەسەر ئامادەکردنی رەشنوسی رێککەوتنێك، رەنگە ڕۆژی پێنجشەممە لەگەڵ ویتکۆف لە جنێف کۆببینەوە.

بەقسەی عێراقچی دەکرێت لەگەڵ واشنتۆن بگەنە رێککەوتن و لە هەندێك روەوە دەکرێت رێککەوتنەکە لە رێککەوتنی ئەتۆمی ساڵی 2015 باشتر بێت.

لەبارەی ئەوەی کە ئایا پێی وایە ترەمپ دەیەوێت هێرش بکاتە سەر ئێران یاخود هەڕەشەکان وەکو گوشار بەکاردەهێنێت، عێراقچی وتی، ناتوانم لەوبارەیەوە هیچ داوەرییەك بکەم.

لەبارەی ئەوەی کە پێشتر عراقچی وتویەتی لەماوەی دو تا سێ ڕۆژدا رەشنوسێکی پێشنیارکراو بە رێککەوتن ئامادە دەکەن، عراقچی وتی، ئێمە هێشتا خەریکی کارکردنین لەسەر ئەو رەشنوسە و دەمانەوێت رەشنوسەکە نیگەرانییەکان بەوێنتەوەو بەرژەوەندییەکانی هەردولای تێدا رەچاو کرابێت.

وتیشی، پێم وایە ئەگەر پێنجشەممە دوبارە لەگەڵ ویتکۆف لە جنێف کۆبوینەوە، توانیبێتمان دەقی رەشنوسێکی باشمان ئامادە کردبێت و بگەینە رێککەوتنێکی خێرا. ئەمە تێوانینی منەو پێموایە ئەشتوانین بەوە بگەین.